# خوای گەورە هەیبەت و سەربەرزی تەنها بەموسڵمان بەخشیوە

خوای پەروەردگار سوڵتان و دەسەڵاتی نەداوە بەبەرنامە جاهلیەکان و دەفەرموێ :

( إِنْ هِيَ إِلَّا أَسْمَاء سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا أَنزَلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَمَا تَهْوَى الْأَنفُسُ وَلَقَدْ جَاءهُم مِّن رَّبِّهِمُ الْهُدَى )

واتە : ئەوشتانەی کە دەیپەرستن تەنها خۆتان و باوانتان ناوتان لێناون ، هەرگیز خوا سوڵتانی نەداوەتێ و بلگەی نەناردووە لەسەر ڕەوابوونیان ، سەیرە ئەوانە تەنها شوێنی گومان و ئارەزواتی دەروونە نەخۆشەکانیان دەکەون ، لەکاتێکدا کەبەراستی لەلایەن پەروەردگاریانەوە هیدایەت و ڕێنمونییان پێگەووشتووە .
هەروەها شەیتانیش کە مامۆستای سەر لێشێواندنیانە سوڵتانی نیە بەسەر بەندەکانی خوادا مەگەر کەسێک بەئارەزووی نەخۆشی خۆی دوای بکەوێ ، هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت :
( إِنَّ عِبَادِي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطَانٌ إِلاَّ مَنِ اتَّبَعَكَ مِنَ الْغَاوِينَ )
هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت :
( فَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ فَاسْتَعِذْ بِاللّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ إِنَّهُ لَيْسَ لَهُ سُلْطَانٌ عَلَى الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ إِنَّمَا سُلْطَانُهُ عَلَى الَّذِينَ يَتَوَلَّوْنَهُ وَالَّذِينَ هُم بِهِ مُشْرِكُونَ )
واتا : هەرکاتێک قورئانت خوێندو دەورت کردەوە پەنا بگرە بەخوا لە شەیتانی ڕەجم کراو ، بێگومان شەیتان دەسەڵاتی نیە بەسەر ئەوانەدا کە باوەڕیان هێناوە و پشت بەپەروەردگاریان دەبەستن ، بەڵکو تەنها دەسەڵاتی بەسەر ئەوانەدا هەیە کەپشتیان پێ بەستووە و ملکەچ و فەرمانبەرداری ئەون ، وە بەوانەی کەشەریک و هاوەڵ بۆ پەروەردگار بڕیار دەدەن .
بەڵام بەرنامەی خوا بەپێچەوانەوە سوڵتان و دەسەڵاتی هەیە ، چونکە هەق و ڕاستی پێیەو لەخوایەکی خاوەن دەسەڵات و سوڵتانەوە نێردراوە ، هەروەک دەفەرموێ :

( وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَى بِآيَاتِنَا وَسُلْطَانٍ مُّبِينٍ ) واتا : بەراستی موسامان نارد بۆ لای فیرعەون و بەبەلگە و نیشانەکانمان و سولتانێکی ئاشکراوە .

ئەگەر خوا بیەوێ دەسەلاتی هەیە کە هەموو خەلکی بەبێ ئیختیاری خۆیان هیدایەت بدات : ( أفلم ييأس الذين أن لو يشاء الله لهدى الناس جميعا )

واتا : با ئیمانداران بێ ئومێد نەبن ، ئەگەر خوا بیەوێ دەتوانێ هەموو خەلکی ناچار بکات موسولمان بن ...بەلام خوای گەورە قورئانێکی ناردووە کە نوور و روناکی یە و هەرکەسێ بیەوێ دەتوانێ رێی راست بدۆزێتەوە و هەر ئەوەندە هەنگاوی یەکەم بنێ خوای گەورە دەستی دەگرێ و کاری بۆ ئاسان دەکات و یارمەتی دەدات ، هەروەک خوای گەورە دەفەرموێ :

( وَكَذَلِكَ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ رُوحًا مِّنْ أَمْرِنَا مَا كُنتَ تَدْرِي مَا الْكِتَابُ وَلَا الْإِيمَانُ وَلَكِن جَعَلْنَاهُ نُورًا نَّهْدِي بِهِ مَنْ نَّشَاءُ مِنْ عِبَادِنَا وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ صِرَاطِ اللَّهِ الَّذِي لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ أَلَا إِلَى اللَّهِ تَصِيرُ الْأُمُورُ )

واتا : ئا بەو شێوەیەی کە دەیزانیت ئەی محمد ( صلی الله علیه وسلم ) ئێمە قورئانمان بۆ ڕەوانە کردیت لەلایەن خۆمانەوە ، کە ژیانبەخشە بەرۆح و بەعەقڵ ، تۆ نەت دەزانی قورئان چییە ، بەلام ئێمە ئەم قورئانەمان کردە رووناکی و نورێک کە هیدایەت و رێنموونی هەرکەس بمانەوێ پێ دەکەین ، ( ئەوانەی دلّی بۆ دەکەنەوە و هەولّی بۆ دەدەن ) بێگومان تۆ ئەی پێغەمبەر رێنیشاندەریت و رێنمایی دەکەیت بۆ رێگە و رێبازێکی راست ، رێگە و رێبازی ئەو خوایەی کە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدایە هەر خۆی خاوەنیانە ، ئاگاداریش بن کە هەموو شتێک و سەرەنجامی هەموو کارێک بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە .

یان خوای گەورە دەفەرموێت :

( وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا وَإِنَّ اللَّهَ لَمَعَ الْمُحْسِنِينَ )

واتە : ئەوانەی هەولّ دەدەن لەبەر ئێمە ئەوانە هیدایەت دەدەین بۆ پەیڕەوو پرۆگرامان .

**ئامادەکردنی : دایکی عمر**